www.kurdistannet.org
13-2-2007 20:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لاوان پێشەنگی گۆڕانن لە کۆمەڵگاکان و لاوەکانی کوردیش تا ئێستا لە خەو ماون ... قەهرەمان عوسمان دۆلەمەڕی

پێشکەوتنەکانی سەدەی رابردوو لە ئەمەریکا و ئەوروپا و دەوڵەتانی جیهانی یەکەم هاوکات لە دوای دژواری و سەختی زۆر بە ئامانج گەیشت، هەموو ئەو وەڵاتانەی کە ئێستا بە جیهانی یەکەم و بە پێشەنگی دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ دادەنرێن، بەر لە سەدەیەك کەمتر ئەم دەوڵەتانە پێچەوانەی واقیعی ئەمرۆ بوون، شۆڕشی فەرەنسای دایکی دیموکراتیەت، فەرەنسای وردە بەرەو دیموکراتیەت برد و بووە فەرەنسای ئەمرۆ، ئەو شۆڕشە بوو کە رەنگدانەوەی نەك تەنها لە سەر فەرەنسا بوو بەڵکو هەموو دونیای گرتەوە و بە یەکەمین شۆڕشی دیموکراتی ناوزەدکرا.
بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە بزانین هۆکاری ئەم گۆڕانە لە جیهاندا چی یە چ شتێك ئەم گۆڕانانە دروست دەکات؟ پیم وایە هۆکارەکان زۆربەیان بۆ کرانەوەی بیری مرۆڤ و بەلاوبوونەوەی خوێندەواری دەگرێنەوە، چونکە بەلاوبونەوەی خوێندەواری و فراوان بوونی بیری مرۆڤ وا لە ئینسان دەکات کە هەست بە کەم و کورتیەکان بکات چونکە (هەبوونی کەم وکورتی بەس نیە بۆ دروست بوونی گۆڕانکاری بەلکو هەست کردن بە کەموکورتیەکان گۆڕان دروست دەکات) و ئەم هەستکردنەش بە کەم و کورتیەکان وا لە مرۆڤ دەکات پێنگاف بهاوێژیت و بە دوای چارەسەری گونجاو و هۆکاری نەهێشتنی کەم و کوریەکاندا بگەرێت، تا ئێرە راستە بەڵام دەبێت وەلامی ئەم پرسیارەش بدەینەوە کە مرۆڤ لە چ تەمەنێك ئەمەی لێچاوەروان دەکرێت کە بە دوای خوێند و کرانەوەی بیری خۆی بکەوێت؟
بێگومان هزری مرۆڤ لە دوای گەیشتنی بە لێهاتووی تەواو زۆر لە بار دەبێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و لێکدانەوەی تەواوی ئەو زانیارانەی کە پێی دەگات و دڵنیا بوون لە بەکەڵکی و بێکەلکی زانیاریەکان.
کەواتە لە تەمەنی (18)) ساڵی مرۆڤ دەبێت هەوڵی دەوڵەمەند کردنی هزری بدات ئەویش بە خوێندنەوەی بەردەوام و هایداربوونی بەردەوام لە گۆڕانکاریەکانی جیهان و ناوچەکە بەتاییەتی، دواتر تووێژێکی هوشیار و ئاگایان لێدیتە بەرهەم کە باشترین چەکی بەرگری دەبن لە ولاتەکەی خۆیان وچاوێکی هەردەم کراوە دەبن بۆ بینینی کەم و کورتیەکان و گەراندنەوەی کۆمەڵگا لە هەلدێر بۆ رێگایەکی راست، ئەمانەش بێجگە لە لاوان توێژێکی تر نین، نمونەش زۆرن کە چۆن لاوان باسکی بەهێزی گۆڕانکاری بوون لە زۆربەی وەلاتانی دونیا و ئێستاش هەمیشە هێزێکی فیشاری چاوکراوەن بۆ بەرگری لە ئامانجە نەتەوەییەکانیان، بۆ نمونە فشاری قوتابیانی کۆریای باشوور لە سەر حکومەتی کۆریای باشوور دوای شەری چەندین ساڵەی کۆریا و ژاپۆن و شەری ناوخۆ، وەلاتیان بەرەو کۆریای ئەمرۆ برد.......هتد.
نموونەی یەکجار زۆر لەم بارەوە هەن کە لاوان چۆن بوونەتە پردێك بۆ پەرینەوەی وەلات بەرەو شارستانیەت.
بەلام ئەگەر بێت و بەراوردێکی لاوانی خۆمان بکەین لەگەڵ لاوانی وەلاتانی تر بۆمان دەردەکەوێت کە هێشتا زۆرمان ماوە هەست بە کەم و کوریەکان بکەین، خوێندنی زانکۆ لەگەڵ رێزم بۆ زانکۆ و قوتابیان بۆتە جۆرە کات بەسەربردنێك بۆ زۆربەی قوتابیان لەوانەیە زۆربەی قوتابیانی زانکۆ ئەوەندەی بە دوای گەشت و ئاهەگ و کات بەسەر بردن بن ئەوەندە بە دوای دەوڵەمەند کردنی بوواری مەعریفی خۆیان نەبن، نازانم ئەبێت چ شتێك چاوەرێ بکرێت لە وەلاتێك کە مەکۆیی زانست و زانیاری و پێشکەوتنی وەلات حالی ئەم حالە بێت؟ ئاخۆ دەبێت کی بەرپرسیار بێت؟ بە بۆچونی خۆم ئۆباڵی لە ئەستۆی زانکۆ و قوتابیاندایە بەلام زۆربەی ئۆبالەکە دەکەوێتە ئەستۆی قوتابیان چونکە ئەمان دەتوانن بە خوێندنەوەی سەرچاوەی زیاتر لە سەر ئەو مەنهەجەی کە دیخوێنن تەواو خۆیان لەو بوارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەولەمەند بکەن تا ئەمە نەکەن نابێت لە سەر کۆمەڵگاش ناز بکەن، بۆیە لەسەر لاوانمان پێویستە ئەم یاسایەی ژیان بزانن کە هەموو حەقێك لە پێشدا التزامێکی لە سەر دروست دەکات و دەبێت ئەمەش بزانن کە کۆمەڵگا پێویستی بە لاوی خوێندەوار و ئەکتیف هەیە ئەگەر زور بە خۆمان نەکەوین ئەمەمان با لەپێش چاوبێت کە کۆمەڵگایەکی بەم هەموو دەولەمەندیە دەبێتە کۆمەگایەکی ئیستهلاکی و رێگەی زۆربەی دەولەتانی کەنداو دەگرین، و حقیش نیە تا وا بین گلەیی لە حکومەت بکەین و داوای دامەزاندن و موچەخۆری (مشەخۆری) بکەین و کەلکی هیچمان نەبێت، وە ئەمەش لە یاد نەکەین کاتێك باس لە شتێك بکەین کە خۆمان بەشێکی هەرە خراپی باسەکە نەبین و چارەسەری گونجاویشمان پێنەبێت رەخنە نەگرین، لاوان هەست بەمە دەکەن کە بەرەو گەندەلی هەنگاویان ناوە بەلام خواردن و خەو بەبی ماندوو بوون هەلدبژێرن و زۆر جاریش قسە لە گەندەڵی دەکەن کورد گوتەنی (دەرزی لە چاوی خەلك دەبینن و کاریتەی چاوی خۆشیان نابینن)

بۆیە دەبێت بۆ بەرژەوەندی بالای وەلات و بۆ نەجات بوون لە گەندەڵی و گەیشتنمان بە خۆشگوزەرانی و ئاستێکی بەرز لە تێگەیشتن بەخۆماندا بچینەوە و خەمێك لە منداڵەکانمان بخۆیین. ئێمەش دەبێت هەست بە کەم و کورتیەکانی خۆمان بکەین ئەوکات چارەی بکەین. ئەگەر نا ئێمە نابێت پێمان بوترێت رۆلەکانی ئایندە ئەگەر هیچمان پێنەبێت کە ئێستای پێبگۆرین.

12/2/2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.